# کوردناسیی

نووسینی:

قەناتی کلاشۆڤیچ کوردۆییێف

ڕەوف حەسەن

کردویتی بەکوردی

سلێمانی - 2006



وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: کوردناسیی
- نووسەر: ق.ك.کوردۆییڤ
- وەرگێڕ: ڕەوف حەسەن
- زنجیرە: 143
- نەخشەسازی: زانا ڕەوف
- دیزاینی بەرگ: زانا کەمال
- چاپخانەی:
- تیراژ:1000
- ژمارەی سپاردن: (394) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە



www.pertwk.com

## یێکدوو وشە لەمەڕ کتێبەکە



ئەم تۆژینەوەیە بەشێکی کەم و سەربەخۆیە لە کتێبێکی بە قەوارە و ناوەڕۆك گەورە بەناوی: "مێژووی ڕۆژهەڵاتناسیی و عەرەبناسیی و کوردناسیی سالانی 1818-1968 لە مۆزەخانەی ئاسیایی و ئنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد" کە گۆمەڵێك ڕۆژهەڵاتناسی پسپۆڕی سۆڤییێتی بە زمانی ڕووسی دایاننناوە و ، پرۆفیسۆری کوردمان مامۆستا مارف خەزنەدار ، بەپێشەکی بۆنووسین و ڕوونکردنەوەوە لە زمانی ڕووسییێوە کردویێتی بەعەرەبی و سالی 1980 لە چاپخانەی (المعارف) لە بەغدا بەناوی "تاریخ الاستشراق والدراسات العربیە والکردیە) وە ، چاپ و بلاویکردەوە

پرۆفیسۆر خەزنەدار هەست و سۆز و خۆشەویستییێکی لە ڕادەبەدەری بەرامبەر ئەو ئنستیتۆیەی لێنینگراد هەیە و ، هەر ئەوەیشە بۆی بۆتە مایەی ئەوەی بە جۆش و خرۆشێکی زانستپەروەرانەوە وەرگێڕانی ئەو کتێبەی کە نزیکەی 400 لاپەڕە دەبێت بگرێتو ئەستۆ.. چونکە هەشت سالی ژیانی لاوێتی لەوێ بردۆتە سەر.. چوار سالی وەك خوێندکارێکی بالای زانستخواز و چوارساڵەکەی دییشی چوون باسکارێکی زانستیی لەگەڵ گشت دانەرانی ئەو کتێبەدا ژیاوە و کاری



www.pertwk.com

زانستییانەی کردووە.. پرۆفیسۆری وەرگێڕ دەڵێت : ئەوانە مرۆڤی پاك و چاكن.. ئەوانە شەیدای زانست و ئاشقی مەعریفەن.. ئەوانە دەروێش و سۆفین و مورشیدەکەیان "دەستنووسە خۆرهەڵاتییێکان و تۆژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسە پێشەنگەکانە ، ئەوانەی یێکەمین بەردی بناغەی تەلاری ڕۆژهەڵاتناسیی زانستیانەیان لە ئەوروپادا دانا و.. خۆراکیشیان هەر کەلەپوورە تۆمارکراو و تۆمار نەکراوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتە."

هەر لەبەر ئەمانەیشە خەزنەدار خۆی بە شیاوترین کەس دەزانێ بۆ وەرگێڕانی ئەو توێژینەوە زانستییانەیە و.. بەندەیش لەبەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەم بەشەی کتێبەکە بە زمان و کولتووری نەتەوەکەمانەوە.. بەپێویستم زانی بە زمانی شیرینی خۆشمان لە کتێبخانەی کوردیدا بێت.. بۆیێ لە عەرەبییەوە وەرمگێڕا

**وەرگێڕی کوردی**

**2005/12/20**



www.pertwk.com

# کوردناسیی

کوردناسیی وەك بابەتێکی زانستیانەی سەربەخۆ دوای جەنگی نیشتمانی گەورە 1941-1945، لە ئنستیتۆ(institute)ی ڕۆژهەڵاتناسیدا گەشەیسەند.. گەرچی دەستپێشخەریی بنج و بناوان داکوتینی ئەم گەشەسەندنە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم.. بەمجۆرە لەم بارەیەوە کارکردن دەستپێکرد و لە خزمەتگوزارییەکانی (ب.ئا.دۆرن)دا گرنگیی ئەم کارە دیاریدەدات.. (دۆرن) یارمەتییەکی بێوێنەی (پ.ئی لێرخ)ی[1] دا، کە دامەزرێنەری کوردناسیی ڕووسییە، لە ڕێکخستن و چاپکردنی لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و لێکۆڵینەوەی زمانناسی کوردی و.. هەروەها لە بەدەستخستنی جێماوی کلتووریدا لە دەستنووسی مێژوویی و ئەدەبی و تێکستێکی فۆلکلۆری کوردی بۆ مۆزەخانەی ئاسیایی[2].



لەناو ئەو دەستنووسە کوردی و فارسییانەدا کە ئەکادیمیای زانستی لای خۆی گلیدابوونەوە، دەستنووسێکی ناسراوی تێدابوو کە "شەرەفنامە"کەی مێژووناسی کورد شەرەفخانی بتلیسی بوو.. ئەوەی لەم بارەیەوە شایانی ئاگاداربوونە ئەوەیە کە یێکەمین وەسفێکی فراوانی ئەم دەستنووسە (م.ڤۆڵکۆڤ)[3] کردویێتی ، کە ئەمینداری مۆزەخانەی ئاسیاییە.. (خ.د.فرین)یش لە وتارەکانیدا بایێخی (شەرەفنامە) و[5] پێویستیی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ڕوونکردۆتەوە ، ئەمەش لەو وتارانەیدا کە لەبارەی وەسفی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییێکانی کتێبخانەی ئەردەبیل نوسیویێتی[4] و.. هەروەکو چۆن پشتگیری (ب.ئا.دۆرن)یشی لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ گەشتە زانستییێکەی (پ.لێرخ)[5] کرد و.. هەروەها کاری لە پێرستکردنی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتیەکان و ، لە کاروباری (دۆرن)یشدا لە مۆزەخانەی ئاسیاییشدا کرد.[6]

لە ساڵی 1860-1862دا ( ڤ. ڤ.ڤێلیامینۆڤ زێرنۆڤ) تێکستە فارسیەکەی (شەرەفنامە)[7]ی بڵاوکردەوە، لە ساڵی 1868-1875دا تەرجومەکەشی بڵاوکرایەوە کە



www.pertwk.com

(ف.ب.شارموا) [8] وەریگێڕابوو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی جوگرافیایی و مێژوویی و ئەنتۆگرافیاییانەی پوختدا. هەروەها دەرچوونی کارەکەی قونسوڵ (شابەندەر)ی ڕووسیاسی لە ئەرزڕۆم (ئا.ژابا)، دەربارەی ئەکادیمیای زانستی [9] هەر بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە.

دەوری (ك.گ.زالیمان) لە گەشەسەندنی کوردناسیدا [10] هێند گەورە و گرنگ بوو کە لە پلەی هەستپێکردندا بوو.. بەهاوکاری ئەم کاری کۆمەڵێ لە پسپۆڕە کوردناسە بیانییەکان بڵاوکرانەوە.. وەك (ف.یووستی)، (ی.پریم) و، (ئا.سوتین) [11].

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە و ئابەمجۆرە، لە ئەکادیمیای زانستیدا دەستکرا بەلێکۆڵینەوەی ژیانی گەلی کورد بەشێوەییەکی دیسپلینکراو و تاڕادەیێکیش بەپێی بەرنامە، بەمجۆرە بنەمایەکی زانستی و مادیانە بۆ گەشەسەندنی کوردناسی لە ڕووسیادا سەریهەڵدا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێبینی ئەوە دەکرێ هەندێ خاووخلیچکی و نەختێ ساردی لە بواری ئەو باسانەدا کە تایبەتن بەکوردناسییەوە لە ئەکادیمیای زانستیدا هەیە.. زۆربەی هەرەزۆری ئەو کارە



ڕووسییانەی دەربارەی کورد و مێژووی کوردن، لەو سەردەمەدا بەشێوەی بڵاوکراوەی نائەکادیمیانە چاپدەکران [12].. لەناو ئەو کارە بڵاوکراوانەی ئەو ماوەیەدا کە شایانی ئیشارەتپێدان بێ و خۆ لێ گێلکردنی مەحاڵ بێ.. وتارێکی (ن.ی.ماڕ)ە بە ناونیشانی: "دیسانەوە دەربارەی وشەی چەلەبی" [13].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نێوەندی ئەو پسپۆڕە ڕووسانەدا کە خەریکی کاری ڕۆژهەڵاتناسین وتووێژێکی توندوتیژ لەبارەی مەسەلەی بنج و بناوان و مێژووی ئایدیۆمە تەمومژاوییێکەی (چەلەبی) لە زمانی کوردی و تورکی [A] و عەرەبیدا ڕوویدا.. کە مانای میهرەبان و بەخشندە [B]، مۆزیکژەن، شایەر(گۆرانیبێژ)، سوعبەتچی، کۆمیدی، چەتە و [C] ئا لەم بابەتانەیە.. ئیدی کۆمەڵێ وتار دەربارەی ئەم زاراوەیە نووسرا.. لە نێوانیاندا وتارێکی خاتوو (ن.ی.ماڕ)ە، بەناونیشانی: "لەبارەی مەسەلەی گرنگی کلتووری گەلی کوردەوە لە مێژووی ئاسیای نزیکدا" بوو.. لەم وتارەدا (ماڕ) کۆمەڵێ ڕاستی بەهادار دەخاتەڕوو کە دەوری کورد لە مێژووی کلتووری گەلانی ئاسیاییدا ڕووندەکاتەوە.. دانەر ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد لە سەدەکانی دەیەم تا



www.pertwk.com

سـیازدەمدا دەورێکـی گرینگیـان دیـوە لـە چەسـپاندنی دەرەبەگایەتیدا لە ئاسیای گچکەدا و لە خولّقاندنی جێماوی کلتووری بەنرخدا بۆ گەلانی پشت قەفقاس.. بەڵام دەبێ پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشرێت کە (ن.ی.مار) بەجۆرێکی وا نەیڕوانیوەتە مێژووی کورد کە وەك مێژووی یافتییێکان (جۆرجی و خالیدی و ئەرمەنی) تێیڕوانیوە.. ڕەفزەی ئێرانێتی نەژادی کورد و زمانەکەی کردەوە و وایداناوە کە نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد لە یافتییێکانەوەیە.. لەم بارەیەوە وای نووسیوە و دەڵێ:

"ئەسڵی Kord, resp, Kard خۆی بەڵگە و لێکچواندنێکی گەورە دەدۆزێتەوە لە بنچینەی ناونانە ئیتنی (ڕەچەڵەك)ییێکاندا لەلای جۆرجییێکان خۆیان هەروەکو لە qard جۆرجی و qord ی مینگریلیدا[D] هەیە.

بەمجۆرە دەبینین تادێ بوونی ڕاستینەی دەرکەوتنی (کاردۆخییێکان) ییێکەمین (کورد) و ، کارتییێکان (جۆرجییێکان) دەسەلمێ.. ئەوانەی کە بەهەزار ساڵی تەمەنی مێژوو لە یێکتر جوێبوونەوە.. ئاشکراشە کە گۆڕانی بنەڕەتی و گەوهەری بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە.. بەئێجگارەکیش یافتی گۆڕرا بە ئاری[14].



پاشان (مار) ئەوە دەردەخات کە: "هەموو مانایێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی وشەی (چەلەبی) لە زمانی کوردی خۆیدا بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە نێوەندە میللییێکانی کورددا بەماوەیەکی درێژ ، پێش سەرەتای سەدەی چواردەم و، لە مەیدانێکی فراواندا پێشئەوەی ئەو نیشتەجێ دێرینە ڕەسەنەی ئەم گەلە لەمەڕ زمانەوە بگۆڕێ بەئێرانی"[15].

ئەم بۆچوونانەی کە (مار) خستنیەڕوو.. دوایی یاریدەی ئەوەی دا، کە بنەماییێك بۆ هێنانەکایەی تیۆری چەوت و هەڵە دەربارەی نەژاد و گەشەسەندنی گەلی کورد و زمانەکەی پێکبێنێ ( لە کارەکانی ئۆ.ل.ڤیلچێڤسکی و ب.ڤ.مێللەر دەرکەوتن).

(ئی.ئا.ئۆربیلی) ئەکادیمی دەورێکی ئاشکرای لە کوردناسی و زمان و کولتوری کوردیدا بینی.. ئەم بە باپیرە گەورەی کوردناسیی سۆڤێتی و دامەزرێنەری خوێندنگەی لێنینگراد بۆ کوردناسی دادەنرێ.

لە ساڵانی 1911-1913دا وەك باسکارێکی زانستخواز بۆ ئەکادیمیای زانستی لە مۆکس "ئەرمەنستانی تورکیا"



www.pertwk.com

نێررا.. بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی دیالێکتی ناوچەیی مۆکسی ئەرمەنستان.

(ئی.ئا ئۆربیلی) ، کە لاوێکی پسپۆڕ بوو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەرمەنی و قەفقاسییەکانی ئەودەمەدا ، بەڕاوێژی (ن.ی.مار) دەستی دایە لێتوێژینەوەی زمانی کوردی بۆ ئەو کوردانەی لەو ناوچەیەدا لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەژیان.. تێکستە کوردییەکانی نووسییەوە و فەرهەنگێکی کوردی–ڕووسی بە (15) فۆرمە دانا ، وێڕای دانانی پاشکۆییەکی صەرف و نەحو (وتەسازی و ڕێزمان).. بەڵام ئەم کارانە لە کاتی خۆیدا بڵاونەکرانەوە.

لە ساڵی 1914دا کۆمەڵەی(جێ خاندن)[E]ی پێشکەوتنخوازی کورد ، کە لە (خۆی) –سەرووی ئێران–دا بوو.. نوێنەری شەخسی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری گەورە (عەبدولرەزاق)ی ناردە پیترسبۆرگ، بۆ هەوڵدان لەپێناوی دانانی ئەلفوبێی کوردیدا.. بەڵام جەنگی جیهانی تەگەرەی خستە کارەکەوە.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر.. وێڕای ئەو کارە ئیداری و کۆمەڵایەتیە گەورانەی (ئی.ئا.ئۆربیلی) ڕایدەپەڕاندن، لە



کارنەوەستا و خەریکی گەڕان بوو بەدوای ئەدەبی میللی و کلتووری گەلی کورددا.

لە ساڵی 1927دا چووە ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستانی سۆڤێتی و، تێکستە کوردییەکانی نوسییەوە.. سەرەنجام تێکستی میللی هەردوو چیرۆکە شیعرییە کوردییە بەناوبانگەکەی (مەم و زین) و (لەیل و مەجنوون)ی دەستکەوت. لە ساڵی 1926دا (ئی.ئا.ئۆربیلی) چەند تێکستێکی کوردیی (لەگەڵ فەرهەنگێکدا)ی بڵاوکردەوە.. کە هی لێکۆڵەرەوەی زانستیی کتێبخانەی زانکۆی (هۆگۆماکاش) بوو و.. کە دیالێکتی کرمانجی لە ناوچەی (ماردین)ی کوردستانی تورکیا دەخاتەڕوو[16].

لە ساڵی 1957دا و بەسەرپەرشتی (ئی.ئا.ئۆربیلی) فەرهەنگی کوردی– ڕووسی چاپکرا کە (چ.خ.باکاییڤ) داینابوو.. (ئۆربیلی) لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا بایێخی زاستیانە و پراکتیکتیانەی فەرهەنگە بڵاوکراوەکەی بەنیسبەت کوردی ئەرمەنستانەوە و لە ڕووی فێرکردن و ڕووناکبیریی میللیانەیانەوە، ڕوونکردبۆوە.

هەروەها (ئۆربیلی) بایێخێکی زۆری بە (مەم و زین) دا.. کە لە داهێنانی شاعیری هەڵکەوتووی کوردی سەدەی حەڤدەم



www.pertwk.com

(ئەحمــەدی خــانی)یــە.. ئــەم چــیرۆکە شــیعریە ناوازەیــەی دیراسەکرد و.. بایێخە هونەرییێکەی ڕوونکردەوە و.. وەسفی پاڵەوانە سەرەکییێکانی کرد، ناوی شاعیریشی لەتەك ناوی شاعیرە مەزنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەك: ڕۆستاڤیلی، فیردەوسی و نیزامی[17] دانا.

(ئی.ئا.ئۆربیلی) لە موحازەرەکانیدا لەمەڕ کلتوور و مێژووی گەلانی ئاسیای نزیك.. دەوری کوردی بەسەر گەلانی ئەو ناوچەیەوە خستەڕوو.. بەتایبەتی بەڵگە و گرنگیی سەردەمی ئەییوبی و شەدادییێکانی لە مێژووی گەلانی پشت قەفقاسدا سەلماند.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (ف.ب.ڕۆستۆپچین) نوێنەری کوردناسیی لە ئنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی، یێکەمین ڕێکخەری "بیلیۆگرافیای کێشەی کوردی"[18] بوو.. دەستی دایە وەرگێڕانی مێژووی کوردی شەرەفخانی بتلیسی بۆ زمانی ڕووسی.. وەرگێڕانی ئەم سەرچاوە گرینگەی مێژووی گەلی کورد لە ئەنجامی بڕیارێکدا بوو لەو کۆنگرە کوردناسییەدا لەسەری پێکهاتن کە لەساڵی 1934دا لە شاری یێریڤان بەسترا.



سەبارەت بەسوود وەرگرتن لە کەرەستە کوردییێکان.. (ل.ئا.خیتاگۆرۆڤ) لە دیراسەکەیدا دەربارەی نێرینە و مێیینە لە زمانە ئێرانییەکاندا[19]، ئەو سەرچاوانەی بەکارهێنا کە پەیوەندیان بەزمانی کوردییەوە هەیە.

دەکرێ ماوەی ساڵانی سی بەقۆناغی وەرچەرخان لە گەشەسەندنی کوردناسیی سۆڤێتیدا دابنرێت.. کاتێ کە لە وڵاتەکەماندا و بۆ یێکەمین جار لەناو کورد خۆیدا پسپۆڕ و لێهاتووان بۆ کوردناسیی ئامادەکران.. فەزلێ و چاکەی ئەمەش بەشێوەییێکی تایبەتی بۆ (ئی.ئا.ئۆربیلی) و (ئا.ئا.فریمان) دەگەڕێتەوە.

لە ساڵی 1931دا و بەهۆی دەستپێشخەرییێکی (ئا.ئا.فریمان)ەوە، کۆرسێکی زمانی کوردی لە ئنستیتۆی مێژوو و دیراساتی ئەدەبی و زمانناسی لە لێنینگراد کرایەوە.. بەزۆریش ئەو لاوە کوردانەی تێدابوو کە کۆلێژی ڕەنجدەرانی سەر بەئنستیتۆی ڕۆژهەڵاتیان لە لێنینگراد تەواوکردبوو.

هەر لە ناوەڕاستی سییەکانەوە خوێندنی زمانی کوردی بوو بەزۆر و.. هەروەها بووە یێکێ لە پێداویستە



www.pertwk.com

سەرەکییەکانی وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشی زمانناسیی ئێرانیدا.. بەشی ئێرانناسی ، (ئۆربیلی)یان تێیدا دامەزراند تا دەرسی زمانی کوردی و ئەتنۆگرافیای گەلی کوردی تێدا بلێتەوە.. بەپێشنیاری (ئا.ئا.فریمان)یش کۆرسێکی زانستیانە بۆ خوێندکاران لەناو بەشەکەدا بۆ زمانی کوردی ڕێکخرا.. هەروەها ئەم بەشە لە ساڵانی 1934-1950دا و،، بەمەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەدەبی میللی و زمانی کوردی باو لەناو کوردی سۆڤێتیدا.. دەورەی مەیدانی کرایەوە و ، باسکاری زانستخوازانەش بۆ ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستان و تورکمانستانی سۆڤێتی نێردرا.

لە ساڵی 1933دا (ق.ك.كوردۆییێف) و (تسوکەرمان).. کە هەردوکیان خوێندکاری سێیەمێن ساڵی دەورەی کوردی بوون، بەسەرپەرشتی فریمان و ئۆربیلی دوو بابەتیان لە زمانی کوردیدا ئامادەکرد، کە لەدوایدا بە بەشداریکردنی (ع. ش. شامیلۆڤ) بلاوکرانەوە[20]، ئەمە بۆ یێکەمین جار بوو کە بەشێوەییێکی زانستیانە لەم دوو باسەدا دەوری نێرنە و مێینە لە زمانی کوردیدا بخرێتەڕوو و بشسەلمێنرێت.. کە لە کۆمەڵە ناوی نیشانە بۆ ئێزافەکراو (موزاف و موزاف ئیلەیهی)دا دەردەکەوێت.. هەروەها لە ڕشتەی ناو



تەصریفکردندا.. بۆ یێکەمین جاریش لە وتاری یێکەمی ئەو دوو وتارەدا کە ئاماژەمان پێدان، دوو ئامرازی دی لە ئامرازەکانی ئیشارەت خراونەتەڕوو:

e- (بۆ ناوی مێینەی ناسراو) و..

i- (بۆ ناوی نێرینەی ناسراو)..

ئەمانە ئەو دوو ئامرازی ئیشارەتە (a,e) نین، کە (جاردینی) لەوەوبەر پەنچەی بۆ ڕاکێشابوون..

بەلام وتاری دووەم لە شیکردنەوەی ناوی نێرینە و مێینە دەدوێ لە حاڵەتەکانی ئیعرابکردندا، لەگەڵ ئامرازە نادیارەکان و ، هەروەها بەبێ ئەو ئامرازانەش.. بێگومان چوونە ناو باسی ناوی نێرینە و مێینە لە زمانی کوردیدا.. دواتر بووە هۆی خستنەڕووی دانانی صیغەی ناوی نێرینە و مێینە.. ئەمەش لە ئەدەبیاتی ئێرانناسیدا نرخ و بایێخێکی بەرزی درایێ[21].

یێکەمین هەوڵدان بۆ بەشبەشکردنی ناوی وەسفکراو لە دیالێکتی کرمانجی[F]دا لە ساڵی 1949دا و، لە کتێبی ڕێزمانی کوردی قوتابخانەدا بوو[22].

ئەم بەشبەشکردنە لەو بابەتانەدا دەرکەوتن کە دواتر پسپۆڕانی کوردناسیی نووسیان[23].. ئەم کارانەش یاریدەی



www.pertwk.com

چەسپاندنی کێشەی تەصریفی ناو و فرمانی لە زمانی کوردیدا دا.

گەشەسەندنی زەمەنی بەردەوام هەروەکو بەشێکی ڕێزمان بەسستی مایەوە.. لەمەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو باسکارە ئەوروپاییانەی خەریکی زمانی کوردی بوون، تارادەییێکی زۆر لە دەستووری زمانی فارسییێوە، یا هی زمانی خۆیانەوە بۆ حاڵەتی ئیعرابی زمانی کوردی چوو بوون.. بەمجۆرە (ف.یووستی) و ، ئەمجا (س.یەگیزارۆڤ) هەردووکیان حاڵەتی ئیعرابیان لە (e, î)ی دیالێکتی کرمانجی ژووروی زمانی کوردیدا، وەك چەند بەشێکی پێکشێوەیان دەبینی کە لە Casus obliqusی زمانی فارسیدا کۆدەبێەوە.. (و.مان)یش هەر ڕای وابوو، بڕیاریشی دا کە لە زمانی کوردیدا پێکشێوەی حاڵەتی (جەڕ) و (نەصب) [G] هەیە ئەویش بەتەك ئامرازەکانیانەوەن[H].. ئەم شێوەیەش لەهی حاڵەتی (ڕەفع) جودایە کە بە e یان î پاشبەندە.

ئەوجا بەشپرزەییێوە نوسیوێتی:

"بەداخەوە.. ناتوانرێ بڕیاری ئەوە بدرێ کە بۆچی لە دیالێکتی (موکریانی) [I]دا ، î و هەندێ جاریش e بەم



حاڵەتەی ئیعرابکردنەوەوە دەلکێ.. سەرەڕای ئەمەش لە چ حاڵەتێکدا ئەم تیپە ڤاوڵە ، یا ئەویدیان دەردەکەوێ"[24].

پسپۆڕانی کوردناسی سۆڤێتی وەڵامی ئەم پرسیارەیان دایەوە ، لەو کارانەی کە لەمەوبەر لەمەڕ ئیزافە و بابەتی نێرینە و مێینە لە زمانی کوردیدا باسکران، ئەو پسپۆڕانە توانیان پەی بەهەقیقەتی کۆتایی وشە (نائاشکراکان) بەرن کە لە حاڵەتی ئیعرابدا ناو نین و.. لە ڕاستیدا شێوە شپرزەکانی î و e ی لای (و.مان) ئامرازی ناوی نێرینە و مێینەن.. بەمجۆرە دوو تەصریفی ناو لە زمانی کوردیدا چەسپا: شێوەی تەصریفی ناوی مێینە و شێوەی تەصریفی ناوی نێرینە.. ئەمەش لە وتارێکدا بەناوی: "لەمەڕ کێشەی ڕەگەز لە زمانی کوردیدا" بەشێوەییێکی سەرەتایی (ناو) بەسەر شەش حاڵەتدا دابەشکرا.. سێ حاڵەتی یێکەم بەمجۆرە یێك لەدوای یێك ناودەبران:(حاڵەتی ڕەفع، صیغەی بانگکەر – مونادی–، حاڵەتی ئیخباری).. وەلێ سێ حاڵەتەکەی دی ، وادانران کە بەژمارە ناو ببرێن.. چونکە لەو دەمەدا مانا و فرمانەکانیان ڕوون و ئاشکرا نەبوون و باسیان لێوە نەکرابوو.. دەربارەی فرمانی سێ حاڵەتەکەی یێکەمیش.. پاشان لەلایەن پسپۆڕانی کوردناسییێوە لە لێنینگراد شتیان



www.pertwk.com

لەسەر نووسرا[25].. بەڵام ماناو فرمانی حاڵەتەکانی دی لە کتێبی "ڕێزمانی زمانی کوردی" قوتابخانەییدا لێیان کۆڵرایەوە، کە لە ساڵی 1949دا دەرچووە و لەمەوبەر ناوی برا.. هەروەها لە نامەی (چ.خ باکاییڤ)دا "پاشگرەکان وەك ئامراز بۆ ساغکردنەوەی پێوەندی ئیعراب لە زمانی کوردیدا" کە بەسەرپەرشتی پسپۆڕانی لێنینگراد لە کوردناسیدا ئامادەکرا و.. لە ساڵی 1950دا وتووێژی لەسەرکرا.

لە ساڵانی 1939-1940 سێ خوێندکاری (ئا.ئا.فریمان) کە: (ی.ی ئەڤالیانی) ، (ئی.ئی.تسوکەرمان) ، (ق.ك.کوردۆییڤ) بوون، بەرگرییان لەو تێزە زانستیانەیان کرد کە لە بابەتەکانی زمانی کوردیدا ئامادەیان کردبوو[26].. پاش ئەم بەرگریکردنە لە نامەکان، (ئی.ئی. تسوکەرمان) لەسەر کوردناسیی لە ئنستیتوتی زمانناسیدا بەردەوام بوو.. (ی.ی.ئەڤالیانی)ش لە بەشی زمانناسی لە کۆلێژی دیراساتی ئەدەبی لە زانکۆی لێنینگرادی میریدا کاری کرد، بەڵام (ق.ك.کوردۆییڤ)، بەڕاوێژی (ئا.ئا.فریمان)، لە ساڵی 1938دا چووە ئنستیتوتی ئەتنۆگرافیای سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤێتی تا کاری تێدا بکات.. پاشان ئامادەکردنی کارێکی زانستیانەی فراوانی سەبارەت بە کورد خرایە



ئەستۆ.. لە ساڵی 1939دا کەرەسەیێکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە کۆکردەوە.. ئەمەش لە کاتێکدا کە لە نێرراوێکی زانستیانەدا بوو بۆ دیراسەکردنی ژیانی کوردەواری پشت قەفقاس (ئەرمەنستان و جۆرجیاو ئازەربایجان)، بەڵام لەبەر باری ئەوسای ڕۆژانی جەنگ بڵاونەکرایەوە.

لە ساڵی 1945دا و پاش کۆتایی جەنگی جیهانی بەداوایەکی (ئا.ئا.فریمان)، (ق.ك.کوردۆییڤ) بەر لە کۆتاییهێنانی خزمەتی، لە سوپای سۆڤێتی تەسریحکرا و.. بەمامۆستاییێکی زمانی کوردی لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتی زانستگەی لێنینگرادی میری دامەزرێنرا.. لە ساڵی 1946دا گوێزرایەوە بۆ کارکردن لە ئنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیی.. ئیدی لەوساکەوە کوردناسیی لەناو چواردیواری ئنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیدا بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو و سەرومڕ دەستیپێکرد.

پاشان کێشەی پێویستیی ئامادەکردنی پسپۆڕان لە زانستییەکانی دی کوردناسیدا لەناو ئنستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیدا هاتەکایەوە.

لە ساڵی 1951دا خاتو (م.ب.ڕودێنکۆ) کە خوێندکارێکی بەشی دیراساتی باڵا بوو.. لە ساڵی 1954دا



www.pertwk.com

بەسەرکەوتووییەوە بەرگری لە تێزەکەی کرد.. کە لەمەڕ "چیرۆکە شیعرییێکەی (مەم و زین)ی شاعیری کوردی سەدەی حەڤدەم (ئەحمەدی خانی)ی بوو ، دوای ئەمە خرایە سەر میلاکی ئنستیتۆی ڕۆژهەلاّتناسیی.

دوای دامەزراندنی (ئی.ئا.ئۆربیلی) بەسەرۆکی ئنستیتۆی ڕۆژهەلاّتناسیی لقی لێنینگراد، قۆناغێکی نوێی گەشەسەندنی کوردناسیی دەستپێکرد.. بەتایبەتی لەم ماوەیەدا چالاکی زانستیانەیی بەرنامەڕێژکراوی (ئۆربیلی) بەئاشکرا دەرکەوت. کە دەستێکی بالاّی لە دامەزراندنی بەشی کوردناسیداهەبوو.. (ئی.ئا.ئۆربیلی) ئەو کادیرە نوێیانەی کۆکردەوە کە لە کوردناسیدا پسپۆڕ بوون.. لە سالّی 1956دا (ئی.ئی.تسوکەرمان) کە لەمەوبەر لە ئنستیتۆی زمانناسیدا کاریدەکرد، لە ڤیلنۆس (پایتەختی کۆماری لیتوانیای سۆڤێتی سۆشیالیزم کە دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریای بەلّتیك لە بەشی ئەورووپای یێکێتی سۆڤیەت) گەڕایەوە.

هەروەها ئنستیتۆکە (ژ.س.مووسلیان) و، (ی.ئی.دیمینتییێڤا)ی هێنایە لای خۆی.. کە دوو لاوی پسپۆڕن بوون لە ئێرانناسیدا.. ئەمجا لێکۆلّینەوەی زمانی



کوردی پێشوازی لە (ر.ل.تسابۆلۆڤ)یش کرد، کە لەناو ئێرانناسی گشتیدا.. زانستخوازانە خۆی بۆ کوردناسیی تەرخانکردبوو.. دواتر کۆمەلّە خوێندکارێکی دیراساتی بالاّ بۆ خوێندنی مێژوو و زمانی گەلی کورد وەرگیران.. لەناویاندا: (سەیید عەزیزی شەمزینی) ، (جەلیلی جەلیلۆڤ) ، (مەکسیمی خەمۆ) ، (کەریمی ئەییوبی) ، (زاری یوسۆڤا) ، (ئی.ئا.سمیرنۆڤا) ، (ئۆردیخانی جەلیلۆڤ) بوون.

لە 28ی شوباتی سالّی 1959دا لەلایەن (ئی.ئا.ئۆربیلی)ی ئەکادیمی ، سەرۆکی ئنستیتۆی ڕۆژهەلاّتناسیی لە لێنینگرادەوە.. فەرمانێکی کارگێڕی دەرچوو ئەمەی خوارەوەی تێدابوو.

"لەبەرئەوەی پێویستە ئەو بەرنامەی کارەی کە لە لقەکەدا بەندە بەکوردناسییەوە، بەوردی بەجێبهێنرێ.. لە ڕۆژی 1ی مارتی سالّی 1949دا فەرمانم دا بەلابردنی لیژنەی پسپۆڕانی کوردناسیی کە سەر بەبەشی ئێرانییەو.. هەروەها بەسەرپەرشتیی خۆم فەرمانم دا بە دروستکردنی دەزگەیێکی سەربەخۆی ڕێکخراو لێیان، کە لەمانە پێکدێ:



www.pertwk.com

(کوردۆییڤ.ق.ك)، (تسوکەرمان ئی.ئی)، (ڕۆدینکۆ.م.ب)، (موسیلیان، ژ.س)، (دیمینتییڤا.ی.ئی)و، لە خوێندکارانی دیراساتی بالاّ: (سەمیرنۆڤا ئی ئا)، (یوسفۆڤا. ز. ع)، (ئەییوبی.ك.ڕ)، (جەلیلۆڤ.ج) و، هەرچی ئەو شتانەی پەیوەندیان بەلێکۆڵینەوەی مێژوو و کلتووری زمانی گەلی کوردەوە هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان لەم دەزگەیەدا دادەنرێ[27].

بەمجۆرە بەهەوڵ و کۆششی نەتەوەیی (ئی.ئا.ئۆربیلی)، بۆ یێکەمین جار لە مێژووی زانستی و جیهانیدا دامودەزگەییێکی زانستیانەی سەربەخۆ پێکهێنرا، کە بەشێوەیەکی هەرەوەزی (بەکۆمەڵ) بایێخ بەکوردناسیی وەك دەزگەییێکی زانستیانەی ڕێکخراوی سەربەخۆ دەدەن، ئەوسا و ئێستەیش سەرنج و بایێخپێدانی نیوەندێکی فراوانی کۆمەڵگەی کوردی دەرەوەی ڕاکێشا و.. گرنگی پێدرا و دەدرێت، کە لەمەدا دانیپیانانی زانستە سۆڤیێتییێکانی تێدا دەبینرێت بەو دەورە گەورەیەی کە گەلی کورد لە مێژودا و لە مێژووی کلتووری گەلانی ڕۆژهەلاّتدا دەیگێڕێ.



لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەم بەشەوە وا هەشت ساڵ تێپەڕیێ.. لەم ماوەیەدا- کە لەچاو خۆیدا کورتە- باسکاران و کارگێڕانی بەشەکە، بەشدارییێکی ئاشکرا و بەرچاویان لە گەشەپێدانی کوردناسیی سۆڤێتیدا کرد.

باسکارانی بەشەکە.. کۆمەڵێ کاری زانستیانەی کامڵ و باس و وتاری ئەوتۆیان بلاّوکردنەوە کە بۆ کێشەکانی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەنتۆگرافیای گەلی کورد تەرخان کرابوون..

ئەوەبوو بۆ یێکەمین جار لە کاری زمانناساندا، مەسەلە گەوهەریە گرنگەکانی دەستووری زمانی کوردی بەشێوەیەکی زانستیانە خرانەڕوو، وەك: شێوەکانی ڕەگەز لە دەستووری زماندا[J]، شێوەی ئیعراب لە دیالێکتی کرمانجیدا[K]، تەصریفی بابەتی و نابابەتیانەی کرداری تێپەڕ، دابەشکردنی ناو بەپێی ڕەگەز، صیغەکانی کردار لەباری زەمەنەوە، جۆرەکانی زەمەن و صیغەکانی کردار.. هتد.. ئەم کێشانە بەئاستی جوێ جوێ و دەرفەتی جۆراوجۆرەوە لە کارەکانی (ئی.ئی.تسوکەرمان) و (ق.ك.کوردۆییڤ)دا ڕەنگیاندایەوە.

ئەو باسانەی کە (ق.ك.کوردۆییڤ) لە زانستی زمان و دەستوورەکەیدا لە ماوەی سالاّنی دوور و درێژی پەنجاکاندا پێشکەشی کردن[28]، لە دوو کاری سەرەکیدا پوخت



www.pertwk.com

دەکرێنەوە، ئەوانیش ڕێزمانی زمانی کوردییە ، کە ئەمەیان لە ژیانی زانستیانەی وڵاتەکەماندا بەپلەی یێکەمین دێ [29] و فەرهەنگە (کوردی–ڕووسی)یە گەورەکەیەتی (کە نزیکەی 34 هەزار وشەیە) ئەمەشیان لە ژیانی زانستیانەی وڵاتەکەماندا هەر یێکەمینە [30].

دیالێکتی، کوردانی ئەرمەنستانی سۆڤێتی کرایە بنچینەی ڕێکخستنی دەستووری زمانەکە ، وێڕای سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی دیالێکتی کرمانجی دەرڤەی وڵات [L].. بەڵام فەرهەنگەکە وشەو زاراوەی گشت دیالێکتە بچووکەکانی گرتبووە خۆی.. کە بەهەمووی دیالێکتی کرمانجی (ئەوەی لە یێکێتی سۆڤییێت و دەرڤەیدا هەیە) پێکدێنن، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێ وشەی دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی (سۆرانی) [M] لە فەرهەنگەکەدا هەیە، کە بەنیشانەی تایبەتی دیاریکراون.

لەمەوبەر و بۆ یێکەمین جار، خاوەنی ئەم فەرهەنگە، ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ قوتابخانە کوردییێکانی ئەرمەنستانی سۆڤێتی، لەسەر بنچینەیێکی زانستیانە بڵاوکردەوە [31].



لە کتێبی دوای ئەودا کوردۆییێڤ بۆ یێکەمین جار هەوڵیدا کە باسێکی بەراوردکارانە بۆ بنچینەکانی صەرف و نەحو (ڕێزمان و وتەسازیی) لە دیالێکتی سەروو (کرمانجی) و دیالێکتی خوارو و (سۆرانی)دا پێشکەش بکات، کە هەردووکیان لە دیالێکتەکانی زمانی کوردین [32].

بەڵام ئەو کارە سەرەکیانەی کە (ئی.ئی.تسوکەرمان) لە دیالێکتی کرمانجیدا پێشکەشی کردن، پێوەندییان بەکۆمەڵەکانی تەصریفی ناو [33] و کردارەوە [34] هەیە.. لەم کارانەدا باسی جۆری ئیزافە و شێوەی ئیعرابی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکات، تا دەگاتە تەصریفی ناڵەبار و لەباری کردارە ڕابردووە تێپەڕەکان و بەشێوەیێکی فراوان لە دوو شێوە دەدوێ کە صیغەی کرداری (مەنصووب)ە لە کۆمەڵەی یێکەمدا و، هەروەها صیغەی کرداری (مەنصووب)ە لە کۆمەڵەی دووەمدا.. کۆمەڵە وتارێکی دی (تسوکەرمان) هەیە، دەربارەی بیر و بۆچوونی خۆیەتی لە هەندێ کێشەدا کە تائێستەیش لە دەستووری زمانی کوردیدا یێکلایی نەکراونەتەوە [35].

پسپۆڕانی کوردناسیمان لایەن و بابەتی دیار و گرنگیان لە دیراسەکردنی دیالێکتە کوردیەکاندا ئیزافە کرد..



www.pertwk.com

کوردۆییڤ "ڕێزمانی زمانی کوردی، بەراوردی کرمانجی و سۆرانی[N]" بۆ چاپ ئامادەکرد و هەر بەسەرپەرشتی خۆی ، لێکۆڵینەوەکانی (خ.چ.باکاییڤ) لەمەڕ هەردوو دیالێکتی کوردی تورکمانستان و ئازەربایجان چاپ کران[36].

ئێستە لە بواری لێکۆڵینەوەی دیالێکتە کوردییەکاندا تسوکەرمان خەریکی باسەکانێتی دەربارەی زمان و فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی تورکمانستان.. بەڵام بەکاییڤ خەریکی باسێکە لە بەراوردکردنی بەشەکانی دیالێکتی کرمانجی لە یێکێتی سۆڤییێتدا.. (ك.ئەیوبی) و (ئی.ئا.سمیرنوڤا)ش کە هەردووکیان خوێندنی بەرزیان لە ئنستیتۆی گەلانی ئاسیایی سەر بەئەکادیمای زانستە سۆڤییێتییێکانی لە لینینگراد تەواوکرد.. "وەسفی دیالێکتی موکریانی"یان بەچاپ گەیاند و.. هەردووکیان لە بواری دیراساتی دیالێکتانەی کوردیدا لە کارکردندا بەردەوامن. ئالێرەدا پێویستە ئیشارەت بەو خزمەتگوزاریانەی بەشەکە بدرێ کە لە ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەی دیالێکتی خواروو (سۆرانی)دا کردی..

هەروەها سەرکەوتنی ئاشکرا لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا هەیە.. ژمارەییێکی فرە لەو کارانەی تایبەتن بەئەدەبەوە، لە بەرهەمی (م.ب.ڕۆدێنکۆ)ن ، کە وزە و توانای



خۆی لە لێکۆڵینەوەی جێماوی دێرینی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا سەرفکرد و.. لەو دەستنووسانەدا دیاریدەدات کە لە کتێبخانەی (سالتیکۆڤ- شەدرین)ی گشتی میریدا و لە بەشی دەستنووسی ئنستیتۆی ڕۆژهەڵاتی سەر بەئەکادیمیای زانستە سۆڤییێتییێکانی لێنینگراد پارێزراون..

لە ساڵی 1961دا (م.ب.ڕۆدێنکۆ) بۆ یێکەمین جار کتێبی "وەسفی دەستنووسە کوردییە پارێزراوەکانی لێنینگراد"ی بڵاوکردەوە.. بەڵام لە ساڵانی دواتردا کۆمەڵێکی بایێخداری لە جێماوی دێرینەی ئەدەبی کوردی بڵاوکردنەوە، کە بریتین لە تێکستی ئەو جێماوە دێرینانەی لێیان کۆڵراوەتەوە ، لەگەڵ وەرگێڕراوەکانیاندا بۆ زمانی ڕووسی، پێشەکی و تەعلیقی پێویستیشی بۆ داناون[37]..

(م.ب.ڕۆدێنکۆ)، لە ڕێی وتار و باسە بەنرخەکانییەوە، لە بواری جێماوی دێرینەی کلاسیکی ئەدەبی کوردیدا بارخانەییێکی پەسەندی نایەبان کوردناسیی و پێشخستنی.. ئەو ڕا و بۆچوونە بڵاوانەی ناو کۆمەڵە نووسەرێکی ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتیی بەدرۆخستەوە، کە دەربارەی نەبوونی ئەدەبێکی تایبەتی ڕەسەن بوو لای گەلی کورد..



www.pertwk.com

هەروەها (م.ب.ڕودێنکۆ) پەیوەندی نێوان ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی میللی شرۆڤەکرد، لەگەڵ کارتێکردنیاندا بەسەر قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ڕێبازی مێژووی کوردەوە.

سەرکەوتنێکی هەستپێکراو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا، بە دیالێکتی خواروو لە زمانی کوردیدا بەدەستهات، لە ساڵی 1962دا، ئەو کارەی کە مارف خەزنەدار[O] ، بە زمانی کوردی، لە ئنستیتۆی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمای زانستە سۆڤییێتییێکان لە لێنینگراد ئامادەی کردبوو، "کێش و قافیە لە شیعری کوریدا" لە (بەغدا) دەرچوو.. پاشان بەماوەییێکی کەم کتێبەکەی مارف خەزنەدار "مێژووی ئەدەبی نوێی کورد"[P] بڵاوکرایەوە، کە بۆ یێکەمین جار تێیدا و ، بە زمانی ڕووسی، مێژووی گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی و پەیوەندی بە کاروانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردەوە بەدیالێکتی خواروو خرایەڕوو.

باسکارە زانستخوازەکان و ، هەروەها فەرمانبەرانی بەشەکە چەند ئامانجێکی دیاریکراویان لە بواری وەرگێڕاندا بەجێهێنا.. بەرهەمەکانیان سەبارەت بە شێوە و هونەرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی میللی دەوڵەمەندی کوردی



بڵاوکردەوە، بەتایبەتیش دەتوانرێ ئیشارەت بەو کارانەی (ق.ك.کوردۆییێڤ) بدرێت ، کە بەجووتە لەگەڵ (ئی.ی.تسوکەرمان)دا لە بڵاوکردنەوەی تێکستە کوردییێکانی حیکایەتی "ئەبو زەید" و "مەم و زین"[38] دا کردیان..

هەروەها تێکستەکانی "سێ حیکایەتی کوردی" دەرچوو.. کە (ئی.ی.تسوکەرمان) وەریگێڕابوون[39].. بەڵام بڵاوکردنەوەی چیرۆکی شیعریی زۆر گرینگ و زەق کە گیانی ڕۆمانتیکی و ناوەڕۆکی جوامێرانەی تێدابێ، بە ڕووداوێکی جێدیار و پەسەند دادەنرێ، وەك: (مەم و زین) و (کار گۆلك) و (سیێوە و ئایشێ) و (سیابەند و خەجێ) و (مەم و ئایشێ) و (زەمبیل فرۆش) و (دمدم).. لە وەرگێڕانی: (م.ب.ڕۆدێنکۆ) و، (ئی.ی. تسوکەرمان) و، (ق ك. کوردۆێڤ)[40]

بەڵام جەماوەری فراوانی خوێندکاران، کۆمەڵە حیکایەتێکی کوردییان بەزمانی ڕووسی بڵاوکردەوە[41] لەگەڵ ژمارەییێکی زۆری پەندە کوردییێکان[42] و ، هەروەها کۆمەڵێ "حیکایەتی کوردیی یێکێتی سۆڤییێت" لە وەرگێڕانی (م.ب.ڕۆدێنکۆ) و.. "چیرۆکەکانی ئەدیبانی کورد"[Q] لە وەرگێڕانی مارف خەزنەدار، ئامادەکران و لەچاپدران.. بەڵام (ز.س.موسێلیان) خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەییێکە



www.pertwk.com

لەمەڕ تێکستە فۆلکلۆرییەکانی چیرۆکی میللی شیعریی (زەمبیل فرۆش) و ، بەیتی میللی کوردیو داڕشتنیان.

هەروەها گەشەسەندنێکی پەسەند لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێی و هاوچەرخی کورددا و.. مێژووی کورد لە سەدەکانی ناویندا ڕوویدا.. خاتو (ی.ئی.ڤاسیلییڤا) وەرگێڕانی یێکەم جزوبەندی کتێبی (شەرەفنامە)[43]ی مێژووناسی کوردی سەدەی شازدەم (شەرەفخانی بتلسی) بڵاوکردەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم سەرچاوەیە ، لەگەڵ نووسینی تێبینی و تەعلیقلێدانی پێویست و پێشەکیدا لەلایەن وەرگێڕەوە ، تا ئێستەیش لە مێژووی میللەتی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکارێکی بێهاوتا دەژمێررێ

ئەمانە بۆ دیراسەکردنی مێژوو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییێکان بایێخێکی گەورەی نە هەر بۆ گەلی کورد بەتەنێ ، بەڵکو بۆ گەلانی فارس و تورک و ئەرمەنیانی سەدەکانی ناوەڕاستیش هەیە.. بەمجۆرە، (شەرەفخانی بتلیسی) مێژووی کورد و کوردستانی لە وڵاتان و گەلانی دەوروپشت جویێ نەکردەوە و ، بە دوورەپەرێزی لەوان نەینووسی.



بەڵام مێژووی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەمدا، لەو کتێبەدا ڕەنگیدایەوە کە لەم دواییەدا مێژووناسی لاو (ج.جەلیلۆڤ) بڵاویکردەوە.. (جەلیلۆڤ) خوێندنی باڵای لە ئنستیتۆی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییێکان لە لێنینگراد تەواو کرد[44].

بەڵام کاری (ق.ك.كودۆییێڤ) لەم ڕووەوە، لە دەرڤەی وڵات بڵاوبۆوە[45].. ئەویش بریتیبوو لە ڕەخنە لێگرتنی کتێبی (مێژووی نەژادی کورد) ، کە هی زانای بەناوبانگی ئێرانی (ڕەشید یاسمی)یە.

بابەتی ئەتنۆگرافیای کوردیش پایە و جێگەییێکی دیاری لە کارەکانی بەشەکەدا گرتووە.. لە ساڵی 1957دا، وتارێکی (ق.ك. کوردۆییێڤ) بەناوی "کورد"ەوە بڵاوکردەوە.. تیایدا بە کورتی باسی مێژووی کورد و کوردستان دەکات ، وێڕای پیشە و پیشەسازییە سەرەکییێکانی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییێکان ، زمان و کولتووری گیانی و.. هەروەها بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی دیموکراتیانەیان دەخاتەڕوو.



www.pertwk.com

بەڵام (م.ب.ڕودێنکۆ)، کاری زانای کورد (مەلا مەحمودی بایەزیدی)ی بەناوی (عادات و رسومات نامەی ئەکرادیە) وەرگێڕا و تەعلیقیشی لەسەر نووسی.

لە بابەتی ئەتنۆگرافیای کوردی سۆڤێیت، کارێکی (مەمەد نەزارۆڤ) هەیە، کە خوێندنی باڵای لە ئنستیتوی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان لە لێنینگراد تەواوکرد، سەرکەوتوانە بەرگری لە تێزەکەی کرد، کە لەبارەی ژیانی کوردانی تورکمانستانەوەیە[47].

مێژووی کوردناسیی لە وڵاتەکەماندا ، لای توێژەرانمان پشتگوێ نەخرابوو، لەو وتارە سەربەخۆیانەی بۆ پێشچاوخستنی چالاکییە زانستیانەکانی کوردناسانی کارامە تەرخانکرابوون، وەك: (خ.ئاپۆڤیان) و (پ.لێرخ) و (ئی. ئا. ئۆربیلی) ڕەنگیدابۆوە.

ڕەنگدانەوەی چالاکیی کۆمەڵێکی دی لە پسپۆڕانی کوردناسیی لە قۆناغی سۆڤێتیدا، لەو وتارانەدا بینرایەوە کە بۆ کارەکانی کوردناسە لێنینگرادییەکان تەرخانکرابوو.. هەروەها ڕەخنە لێگرتنی بیروباوەڕە هەڵە و چەوتەکان دەربارەی زمانی کوردی.



ئەمجا لە ساڵانی دواییدا.. بەشە کوردییەکە گۆڕا بە مەڵبەندێکی زانستیانەی ڕەسەنی ڕێکخراو و تایبەت بە کوردناسین لە یەکێتی سۆڤێتدا.. ئالەم شوێنەدا کادیری پسپۆڕی کوردناسین پێکدەگرن.. لە بەشەکەدا دوازدە کەس خوێندنی باڵایان تەواوکرد.. لە نیوانیاندا ئەو خوێندکارە زانستخوازانەیان تێدابوو کە لە ئەرمەنستان و تورکمانستان و کۆماری عیراقەوە نێردرابوون[50].

لە نێو ئەوانەی خوێندنی باڵایان لە ئنستیتوی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان لە لێنینگراد تەواوکرد و.. بەرگریان لە تێزە زانستییەکانیان کرد، لە کوردناسە پسپۆڕەکان، پێنجیان لە ئەکادیمیای زانستیی ئەرمەنستانی سۆڤێتی کاردەکەن، یێکێکیان لە ئەکادیمیای زانستیی تورکمانستانی سۆڤێت و.. دوانیان لە ئنستیتوی زمانناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکانن لە لێنینگراد.. سیانیشیان لە بەشی کوردناسیین لە ئنستیتوی گەلانی ئاسیایی سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان لە لێنینگراد ، ئیشی ئەم بەشە ، وتوویژکردن و ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوەی ئەو تێزە زانستییانە و.. ئەو کتێب و وتار و باسانەیە کە تایبەتن بە کوردناسییەوە[51].



www.pertwk.com

بەشی کوردیی پەیوەندی بە پسپۆڕانی کوردناسییێوە لە بەلجیکاو هۆلاندە و ئینگلتەرە وچیکۆسلۆڤاکیا و ئێران و عیراق و وڵاتانی دیکەیشەوە هەیە.. هەروەها بە پسپۆڕانی کوردناسییێوە لە شارەکانی دی وڵاتەکەماندا.. نامەیان بۆ دەنێرین و سەرچاوە و ئەدەبیاتی وابەستە بەکوردناسییێوە دەگۆڕنەوە.

